# ڕۆمان و ئەڤین
## خوێندنەوەیەك بۆ سەردەمی گریانی بەڵقیس

دکتۆر هاشم ئەحمەدزادە

پێشەکی

ڕۆمانە نوێیەکەی جەبار جەمال غەریب، سەردەمی گریانی بەڵقیس، لە درێژەی نۆ ڕۆمانی پێشووتریدا، دیارییەکی بەنرخە بۆ کۆمەڵگە و ئەدەبی کوردی.[1] لەم نووسینەدا هەوڵی خوێندنەوەیەکی ناوەرۆکی و شێوازییانەی ئەم ڕۆمانە دەدەم و لە هەمان کاتدا چەند ئاماژەیەکی گشتییش دەکەم بە دیاردەی ئەڤین و پەیوەندییە چڕوپڕەکەی ئەو دیاردە و چەمکە لەگەڵ گێڕانەوەی ئەدەبی، بە گشتی و گێڕانەوەی ڕۆمانییانە، بەتایبەتی.

سەردەمی گریانی بەڵقیس بە بەراوەرد لەگەڵ ڕۆمانەکانی تری جەبار جەمال غەریب، پەیوەندییەکی زۆر ڕاستەوخۆیانەتری هەیە بە ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسیی مرۆڤی کوردەوە. بە واتایەکی تر، غەیری چەند جێگا کە بە شێوەیەکی زۆر خێرا و ڕێگوزەرانە، هەڵبەت زۆر بەجێ و شیاو، چەند دیمەنی ڕیئالیزمی جادوویی خۆیان دەردەخەن، شێوازی زاڵی گێڕانەوەکە ڕیئالیستییە و خوێنەر خۆی لە گەمارۆی کەسایەتی و ڕووداوگەلی تەواو واقیعیدا دەبینێتەوە.[2]

ڕۆمان و ئەڤین

مێژووی خۆشەویستی و ئەڤین بەبەردەوامی شادەماری ئەدەبیات بووە. خۆشەویستی وەك تایبەتمەندییەکی سەرەکیی ژیانی مرۆڤەکان ناکرێ لە دیدی ئەدەب کە دواجار بەسەرکردنەوەی هەست و بوونی مرۆڤە، وەلا بنرێت. ئەفسانە کۆنەکان و کتێبە ئایینییەکان هەرگیز لەم پرسە غافڵ نەبوونە. لە ڕەوتی گەشەی ئەدەبی نوێدا دەورەیەکی بەرچاوی مێژووی ئەدەب نازناوی دەورەی ڕۆمانتیکی پێبەخشرا. ئیتر لەوە دەورەیەدا سەدان و بگرە هەزاران ڕۆمان تەرخانی هەستی خۆشەویستیی نێوان مرۆڤەکان دەکرێن. پێشتریش ئەدەبی ڕۆمانس وەك دەربڕی سەرەکیی ئەدەبی حەماسی، وێناکردنی هاوکێشیی مرۆڤەکانی بەبێ ئەڤین و خۆشەویستی بۆ چارەسەر نەدەکرا. لە شێوازە جۆراجۆرەکانی ئەدەبی کلاسیکدا هەزاران غەزەل، قەسیدە، مەسنەوی و چوارینە تەرخانی خۆشەویستی کران. لە ڕۆمانی نوێشدا کەم نین ئەو نووسەرانەی کە پەیڤێکی لکێندراو لەگەڵ "ئەڤین" وەك تەنیا یەك وشە یاخود بەشێك لە ناوی ڕۆمانەکانیان هەڵدەبژێرن. ڕۆمانی خۆشەویستیی (beloved) تۆنی مۆریسۆن تەنیا نموونەیەکە لە سەدان ڕۆمانی لەم چەشنە. ئەم نەریتە ئیتر لە بەرهەمی مۆدێرنیستەکانی وەك ڤیرجینیا وۆلف، جەیمس جۆیس و مارسێل پرۆستیشدا هەر درێژەی پێدراوە و پرسی ئەڤین بەشێکی سەرەکیی گێڕانەوەکانیانی پێکهێناوە.

ئەگەر ڕۆمانێك چەمکی ئەڤین و خۆشەویستی وەك تێمی سەرەکیی خۆی پێشکەشی خوێنەرانی بکات، ئەوە ئێمە لەگەڵ بنژانرێك ڕووبەڕوو دەبینەوە کە دەکرێ بەسانایی نازناوی ڕۆمانی ئەڤیندارانەی بدەینێ. هەڵبەت وێناچێت هیچ ڕۆمانێکی سیاسی و کۆمەلایەتیی بتوانێت بە شێوەیەك لە شێوەکان ئاوڕێك لە پرسی

خۆشەویستی نەداتەوە. مادام کاراکتێر تۆوێکی بڕیاردەری ڕۆمانە، مرۆڤ ناتوانێ باوەڕ بکات ڕۆمانێکی سەرکەوتوو هەرگیز بتوانێت خۆی، لانیکەم بە ئاماژەیەکیش بێت، لە پرسی خۆشەویستی ببوێرێت.
وێدەچێت هەر لە سەرەتای هاتنە ئارای ئەدەب و هونەرەوە، ئەڤین وەك تێمێکی سەرەکی، ئامادەیی تەواوی هەبووبێت.[3] لە ئەفسانەکانی میتۆلۆژییانەی یۆنانی کۆندا بەردی بناغەی پتەوی پەیوەندیی خۆشەویستی لەنێوان مرۆڤەکاندا داندرا و بۆ نموونە ئۆدیسەکەی هومێر لە هەنگامەی هەموو زەحمەتییەکانی سەفەرە پڕمەترسی و درێژەکەیدا لە جادووی ئەڤین بەهرەی وەردەگرت. لەڕاستیدا ئەڤین ئەو خەزێنە لەبننەهاتووەی وەفاداری و خۆشەویستییە بوو کە مانایەکی تایبەتی بە چاوەڕوانییە کوشەندەکەی پێنێلۆپێ دەبەخشی و دوو دەیە ژیانی پڕ لە حەسرت و جەغاری ئەوی لە پەرجووی هیوا بێبەری نەدەکرد. شاژنی وڵاتی ئیتاکا تەنیایە و مێردەکەی دیار نەماوە و ئیتر دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵ هەموو هاتوونە سەر ئەو باوەڕەی دەبێ ئۆدیسە نەمابێت. بەڵام پێنێلۆپێ هەر هیوای بەر نەداوە و بە سەدان فێڵ، هەموو ئەو خوازبێنانەی لە چاوەڕوانیدا دێڵێتەوە و دەڵێت کە ئەو بۆ بڕیاردان و هەڵبژاردنی یەك لە خوازبێنەکانی پێویستی بە بیرکردنەوەی زیاترە. پێنێلۆپێ بۆ خافڵاندنی خوازبێنەکانی و بەلاڕێدابردنیان خەریکی چنینی پارچەیەکی گەورەیە و دەڵێت کە تا خەزووری ماوە ئەو دەبێ چنینەکەی تەواو کات. ڕۆژانە دەچنێ و شەوانە هەڵیدەوەشێنێتەوە و هەڵبەت فرمێسکیش هەڵدەوەرێنێت. کاتێك دوای سێ ساڵ یەك لە خزمەتکارەکانی، ئەو نهێنییەی لێ لەقاو دەدات، پێنێلۆپێ هەمدیسان بەهێزی ئیرادە و باوەڕی خۆی خوازبێنەکان لە چاوەڕوانیدا دێڵێتەوە. تێلیماکۆسی کوڕی کە هەرگیز باوکی خۆی نەدیوە، بەشوێن باوکیدا ماڵ جێ دێڵێت و دوای ساڵانێك باوك دەدۆزێتەوە و دواجار باوك لە جلوبەرگی سواڵکەرێکدا دەگەڕێتەوە ماڵ و لە پێشبەڕکێی هاویشتنی تیرێك بەنێوان دوازدە ئاڵقەدا، سەرکەوتوو دەبێت و نووکی تیرەکەش دە ئەردی دەچەقێنێت. دواتر کابرای سواڵکەر کە هەمان ئۆدیسەیە، خێڵی خوازبێنەران دەکوژێت و لەگەڵ پێنێلۆپێ بە یەك دەگەنەوە. بەمجۆرە پێنێلۆپێ دەبێتە چەمکی وەفاداری بە هاوسەرەکەی و سەرەڕای بیست ساڵ چاوەڕوانی، هەرگیز ئۆدیسە لەیاد ناکات و لە چاوەڕوانیی هاتنەوەیدا پشت لە هەموو وەسوەسەیەکی خوازبێنە ڕەنگاوڕەنگەکانی دەکات. تێکهەڵکێشێکی جوانی ئەدەبییانە لە ئەفسانەی ئۆدیسەدا سەگە پیرەکەی ئەوە بەنێوی ئارگوس (Argus). کاتێك ئۆدیسە دوای بیست ساڵ لە جلوبەرگی سواڵکەرێکدا دەگەڕێتەوە، ئارگوس تەنیا بە بیستنی دەنگەکەی، دەیناسێتەوە و بە جووڵاندنی کلك و سەروملی، خۆشیی خۆی لە هاتنەوەی ئۆدیسە نیشان دەدات. ئۆدیسەش بە بینینی ئارگوس چاوەکانی پڕ دەبن لە ئاو. ئەوەی دیمەنێکی زۆر تاڵ بە گێڕانەوەکە دەدات مردنی ئارگوسە لە هەمان ڕۆژدا. هەست دەکەی ئارگوس ئەو هەموو ساڵە ژیاوە کە بەخێرهاتنەوەی ئۆدیسەی خاوەنی بکات و بۆ ئاخیرجار چاوی پێبکەوێتەوە. دوو وەفاداریی هاوتەریبی پێنێلۆپێ و ئارگوس هەڵگری دونیایەك مانا و جوانیناسیی ئەدەبین. وەفاداریی ئارگوس هەڵبەت بە تراژێدیی مردن کۆتای دێت و لەناخی خۆیدا وەفادارییەکە تەنیا بە ئەڤینی بینینەوەی خاوەن و دواتر مردن بێ هیچ چاوەڕوانییەك لە خاوەن و مەعشووق.
لە سەدەی حەڤدەهەمدا کاتێك ڕۆمان وەك ژانرێکی نوێ دەبێتە حەماسەی بورژوازی و مانیفێستی گێرانەوەیی مۆدێرنیتە، بابەتی ئەڤین تێمێکی هەردەم ئامادەی ڕۆمانە. ڕەنگە هەر لەو ڕۆژەوە کە ئالۆنسۆ کیژانۆ، پێشەرتەکانی بوون بە پاڵەوانی دەستنیشان کرد و ئەڤین یەك لەو مەرجانە بوو، سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆمان و پرسی ئەڤینداری، تێکهەڵکێشی یەکتر کرابن. وەك دەزانین ئالۆنسۆ پێیوابوو ئەو ناتوانێ ببێتە پاڵەوان ئەگەر ناوێکی شیاوی پاڵەوانان، مەیتەر و نێزە و مەتاڵ و کڵاوی شەڕ، ئەسپێکی

ناودار و دواجار خۆشەویستێکی ڕاستەقینەی، نەبێت. بۆ ئەم مەبەستە ئەو ناوی خۆی دەکاتە دۆنکیخۆتێی لامانچا. جلوبەرگی شەڕی باپیرانی لە کۆنە سندووقی ماڵ دێنێتە دەر و سانچۆش دەکات بە مەیتەر، ئێسترەکەی بە ڕۆسینانتێ ناوزەد دەکات و وەك دوایین شەرتیش کچە جووتێرێکی سپانی بەناوی ئالدۆنزۆ لۆرێنزۆ وەك ئەڤینی خۆی دیاری دەکات و ناوەکەی دەگۆڕێت بە دۆلسینێئای تۆپۆسۆ و بڕیار دەدات هەموو قارەمانێتی و لێهاتووییەکانی خۆی پێشکەشی ئەو بکات. لە هەموو سەفەرە پڕ مەترسییەکانی دۆنکیخۆتێدا ئەوە ئەڤینی قووڵی دۆلسینێئایە کە هاندەری پاڵەوانە. لە کاتێکدا کە هەڕەشەی کوشتنی لەسەرە و نێزەی لەسەر ملی ڕادەگرن کە واز لە دۆلسینێئا بێنێت، ئەو هەر بە ئەڤینی خۆی وەفادارە و وازی لێ ناهێنێت. ڕەنگە نامە مێژووییەکەی دۆنکیخۆتێ لە چیا سەرکێشەکانەوە بۆ دۆڵسینێئا یەك لە دەقە هەرە جوانەکانی ئەدەبی ئەڤینداری بێت. هەروەها ناردنەوەی سانچۆپانزاش بۆ گوندەکەی، بۆ ئەوەی نامەکە بەدەست خۆشەویستەکەی پاڵەوان بگەیەنێت، هەمدیسان یەك لە سرنجڕاکێشترین بەشەکانی گێڕانەوە ناودارە جیهانییەکەی دۆنکیخۆتێیە. سانچۆی کڵۆڵ کە کەرە بەناوبانگەکەی، واتا دالپێ، دزراوە، دەبێ بەپێیان ئەم ئەرکە بەجێ بێنێت و ئەمەش تام و چێژێکی لەڕادەبەدەر دەدات بە گێڕانەوەکە.

سەدەی نۆزدەهەم وەك سەدەی سەقامگیریی مۆدێرنیتە و گەشەی بێپێشینەی سەرمایەداری، پرسی ئەڤین و خۆشەویستیی نێوان جینسی نێر و مێ دەباتە قۆناخێکی تازەوە. لیۆ تۆلستۆی لە کەسایەتیی ئاننا کارێنینادا وەبەریەککەوتنی نەریت و نوێخوازی لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەڤیندا بەرجەستە دەکات و لەڕاستیدا مانیفێستی ئەدەبیی گۆڕانی سەردەمێك و ئێپیستیمەیەك لە مێژووی ڕووسیادا دەئافرێنێت. بەسەرهاتی ئاننا و گەڕان بە شوێن دامرکاندنی حەزەکانی لە دەرەوەی ژیانی هاوسەریدا، وەك دەزانین دواجار بە قیمەتی گیانی ژنە نازدارەکەی ڕۆمانە بەناوبانگەکەی تۆلستۆی تەواو دەبێت. ئەگەر ئاننا کارێنینا بەرهەمی دوا دەیەکانی سەدەی نۆزدەهەم بوو (١٨٧٧)، دوو دەیە پێشتر نووسەرێکی گەنجی فەڕەنسی، گۆستاڤ فلوبێر، بەرهەمێکی کەم و زۆر وێکچووی ئافراند بوو بە ناوی مادام بوڤاری (١٨٥٦). گرنگیی ئەم ڕۆمانە تا ئەو ڕادەیە لە ئەدەبی جیهانیدا دەنگی دایەوە کە چەمکی بوڤاریزم (Bovarism) بوو بە پێناسەی ئەو کەسانەی کە بەهۆی خەیاڵات و خەونەکانیانەوە لە ژیانی ڕاستەقینەی ڕۆژانە هەڵدێن و خۆیان بە پاڵەوانی چیرۆکێکی ڕۆمانسیانە دەزانن. ئەو چەمکە ئەگەرچی لە ژیانی مادام بوڤارییەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام بۆ ژن و پیاو بە شێوەیەکی یەکسان دەکار دێت.

لە دەرەوەی ئوروپاشدا پرسی ئەڤین وەك تێمێکی ناسراوی ئەدەبی، ژانری ڕۆمان زیاتر دەڕازێنێتەوە. ئەڤین لە سەردەمی وەبادا نموونەیەکی بەرچاوی ڕۆمانێکە سەبارەت ئەڤین و کارتێکەرییەکانی لەسەر کەسایەتییەکانی ڕۆماندا. گێڕانەوەی مارکێز لە سێگۆشەیەکی گرنگی ئەڤینداری لەنێوان فلۆرێنتینۆ و فێرمینا و دکتۆر ئوربینۆدا پەردە لەسەر نهێنییەکانی دەروونی مرۆڤەکان لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەڤیندا لادەدات. فلۆرێنتینۆ عاشقی فێرمینا دەبێت و پەیوەندییەکی چڕ لەنێوانیاندا ساز دەبێت. لەنێوان ئەو دوو کەسەدا نامەی زۆر دەستاودەست دەکرێن. ماوەی دوو ساڵان ئەوان جارجار و زۆر کورت یەکتر دەبینن، بەڵام هەموو ڕۆژێ نامە بۆ یەکتر دەنووسن. دواتر باوکی فێرمینا نامە ئەڤیندارییەکانی فێرمینا دەدۆزێتەوە و سزای دەدات. بۆ ئەوەی فلۆرینتینۆی لەبیر بەرێتەوە دەچن بۆ شارێکی تر. دواتر کە دەگەڕێنەوە شارەکەی خۆیان، جارێك فلۆرێنتینۆ لە بازاڕێکدا تووشی فێرمینا دەبێت و هەمدیسان هەستی خۆی بۆ دەردەبڕێت. ئێستا ئیتر فێرمینا گەورە بووە و لە تەمەنی حەڤدەساڵیدا وەك کچێکی عاقڵ و باڵغ هەڵسوکەوت دەکات و بەتوندی بەرپەرچی پێشنیاری فلۆرێنتینۆ دەداتەوە. "پەنجا و یەك ساڵ و نۆ مانگ و

چوار ڕۆژ" تێپەڕ دەبێت و فلۆرێنتینۆدەرفەتی دیداری فێرمینای لە نزیکەوە دەست ناکەوێت. سەرەتا هەوڵ دەدات لەگەڵ هیچ ژنێك پەیوەندی نەگرێت و وەك کوڕێکی دێخوننەکراوە خۆی بۆ ئەڤینی فێرمینا تەرخان کات. بەڵام دواتر ئەو دەبێتە پیاوێك کە پەیوەندیی زۆروزەبەندی لەگەڵ ژناندا دەبێت و ژمارەی ئەو ژنانەی لەگەڵیان جووت دەبێت دەگاتە ٦٢٢ کەس. کاتێك دوای ساڵانێکی زۆر مێردە دکتۆرەکەی فێرمینا، دکتۆر ئوربینۆ، لەناکاوڕا دەمرێت، فلۆرێنتینۆ هەمدیسان ئەڤینی خۆی بۆ جاری دووهەم بۆ فێرمینا دەردەبڕێتەوە و دوای ماوەیەك هەوڵدان دڵی ئەو بەدەست دێنێتەوە و ڕازیی دەکات بەیەکەوە سەفەرێکی دەریایی بکەن. هەڵبەت کاتی خۆی فێرمینا لەلایەن باوکییەوە هان دەدرێت کە لەگەڵ ئەم دکتۆرەدا ژیانی هاوبەش پێکبێنێت. لەم سەفەرەدایە کە فلۆرێنتینۆ و فێرمینا بۆ یەکم جار ئەڤین دەگۆڕنەوە و جووت دەبن. کاتێك دەگەنە دوا بەندەر، فلۆرێنتینۆ داوا لە کاپیتانی کەشتییەکە دەکات کە ئاڵای زەرد لەسەر کەشتییەکە هەڵدات. ئەم ئاڵایە نیشانەی نەخۆشینی وەبایە و بەمجۆرە کەس لە کەشتییەکەدا نامێنێتەوە جگە لە فلۆرێنتینۆ، فێرمینا، کاپیتان و خۆشەویستەکەی. هیچ بەندەرێك ئیزنی لەنگەرگرتن بە کەشتییەکە نادات و ئەوان بۆ هەمیشە دەبێ لەسەر ئاوەکاندا لە هاتوچۆدا بن و هەر بەمجۆرە ژیانیان بەسەر بەرن. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە کاری سەرەکیی دکتۆر ئوربینۆ بریتی بوو لە بنبڕکردنی نەخۆشیی وەبا، شێوازی فلۆرێنتینۆ بۆ خەملاندن و بەردەوامیدان بە ئەڤینی خۆی و فێرمینا لەژێر ئاڵای وەبادا زۆر سرنجڕاکێشە. دکتۆر ئوربینۆ تەنیا بۆ ماوەیەك لەگەڵ کەسێك پەیوەندیی هەبووە و بێوەفایی بە فێرمینا کردووە. بەڵام فلۆرێنتینۆ لە ماوەی دوورودرێژی چاوەڕوانی بۆ فێرمینادا، بەبەربڵاوی لەگەڵ ژناندا پەیوەندیی گرتووە و تەنانەت لەگەڵ کچی چواردە ساڵەشدا پەیوەندیی هەبووە. دواجار لە سەردەمی پیریدا فێرمینا بۆی دەردەکەوێت کە سەرەڕای ئەم ڕاستییە، فلۆرێنتینۆ چەندە بە ئەو وەفادار بووە و خۆشی ویستووە و هەرگیز فەرامۆشی نەکردووە. بەمجۆرە هەستی فلۆرێنتینۆ شکست بە کەسایەتیی دکتۆر ئوربینۆ دێنێت، کەسایەتییەك کە نوێنەرایەتیی هەموو پێناسەکانی ژیانی مۆدێرن، واتا عەقڵ، زانست، پێشکەوتن، ناوبانگ و سەروەت و سامان دەکات.
پەرینەوەی ڕۆمان بەگشتی و ڕۆمانێك کە هەڵگری بابەتی ئەڤین بێت، مێژوویەکی کۆنی لە کوردستاندا نییە. ئەگەرچی فۆلکلۆری کوردی و ئەدەبی کلاسیکی کوردی لەم بارەوە زۆر دەوڵەمەند و بێپەردەیە و شاکارگەلی وەك خەسرەو و شیرینی خانای قوبادی و مەم و زینی ئەحمەدی خانی، نوێنەرایەتیی ئەدەبی حەماسی و ڕۆمانسی کوردی دەکەن، لە سەردەمی تازەدا کۆمەڵگەی کوردی، هەڵبەت بە هێندێك جیاوازییەوە، لە شەڕی نەریت و نوێخوازیدا، هەڵگری کێشەگەلی زۆری کولتوری و کۆمەڵایەتی بووە و بووەتە کۆمەڵگەیەکی تەواو بەپارێز (conservative). لە سەردەمانی نەمانی ئەڤین و ڕاستگۆیی و بەڵێن و وەفادا، خوێندنەوەی نامەی سەروەری ڕەشبەختی ژیانفەوتاوی هومێددۆڕاو، کە بە هیوای پەرجووی جووڵەی ڕەحمی نیان، پەردە لەسەر ناهومێدییەکانی خۆی لا دەدات و ڕازەکانی دەدرکێنێت، هەزار کێشەت بۆ دەخولقێت: کێشەی هەشتاکانی مەرگەساتی وڵات، کێشەی دەریادڵیی سەرداران و جوانئەندێشان، کێشەی هەنسك و سریشکی مریەم و بەڵقیسەکان، کێشەی هاوارە پەنگخواردووەکان و هتد. حەز دەکەی قەڵەمەکەی سەروەر هەڵگری و بەردەوام بی لە نووسینی نامەکەیدا. ناتەوێت باری قورسی نیان لە گەڕان بە شوێن وەڵامێکدا ئەزموون بکەی. سەردەمی گریانی بەڵقیس فڕی دەدەیە ناو دیرۆکی گێڕانەوە ئەڤینداریییەکانەوە. لەگەڵ خەسرەودا لەناو مێشەڵانێکەوە تەماشای لارولەنجەی جەستەی ئافرۆدیتانەی شیرین دەکەی. لەگەڵ گوڵمحەممەد هەست ڕادەگری و ترپەی دڵت دەسپێرییە دیمەنی

مەلەوانیی شۆخە مەڕالێك كە گرەوی چالاكی لە هەموو كارمامزێك بردووەتەوە. لەگەڵ لیبون لەناو دارستانێكی دەرەوەی ڕووبێندا مادام بوڤاری لە ئامێز دەگری. لە سەمای بە ویقاری ئاننا كارێنینا و ڤرۆنسكیدا هەمدیسان بێوەفاییەكی تر ئەزموون دەكەی و بە خۆت دەڵێی ئاخر فەڕەنسە و ڕووسیای سەدەی نۆزدەهەم سەردەمی وەیس و ڕامین و لەیلا و مەجنوون نین تا ئەڤینێكی ڕۆمانتیكت پێشكەش كەن. زەمەن گۆڕاوە و ئێستا لە سەدەی بیستەمدا لە زەین و زمانی پیاوێكی هەناوڕەشدا خەونی زیندووبوونەوە دەبینرێت. هەر ئەو تایبەتمەندییە سەردەمیانەیە كە ئیتر چاوەڕوانیی ڕۆمانس نا، بەڵكو چاوەڕوانیی دەریای فرمێسكی دایكە بەڵقیست بۆ بە دیاری دێنێت.
لە نەبوونی هەستێكی وێكچوو لەگەڵ ئێما و ئاننای فلوبێر و تۆلستۆی ڕۆژاواییدا پەنا بۆ زینی مەمی ڕۆژهەڵاتی دەبەی. كە ناگیرسێیەوە پەنا بۆ دۆلسینێیای هەرگیز نەبیندراوی دۆنكیخۆتێ لە سنوورەكانی دوو جەمسەرەكەی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات دەبەی. دەتەوێت لە دونیای پاڵەوانیی و جوامێریی سوارچاكانی سەدەكانی ناوەڕاستدا تۆزێك بۆنی ڕۆمانس بكەی. دەتەوێت سەفەری دونیایەك بكەی كە كوڕەكانی ئێما و ئاننا هەتیو نەكەون و نە ئێما خۆی ژەهرخوارد بكا و نە ئاننا خۆی باوێتە بن قورسایی شەمەندەفەرێكەوە. دەتەوێت گوزارەی قیامەتی تاكبڕوایی و چارەڕەشیی ماڵباتە بێبەختەكان لە نەمانی ئێما و ئانادا نەبینی. ناتەوێت دڵی بەردەدەردی مریەمە ڕەش چیتر بەڵقیس بگرێنێت. ناتەوێت قەڵاتی شارەكەت میوانداریێكی مێهرەبانی سلێمانییە ئازادەكەت نەبێت.

تۆ كە هەموو ئەوانەت بوێت و نەوێت، حەز بە گێڕانەوەیەك دەكەی كە لەو پەڕی جوانیناسیدا ناوەرۆك و شێواز تێكدا بتوێنییەوە. پێشینەی ئەم كارە لە هەر گێڕانەوەیەكی سەركەوتوودا دەبینی. كاتێک ماركێز لە ئەڤین لە سەردەمی وەبادا زەمەنی كۆتاییهاتنی خۆشەویستیی فێرمینا دازا و فلۆرێنتینۆ ئاریزا بە وەسواسێكی زۆر وردەوە دەستنیشان دەكات و دەڵێت كە ڕێكەوتی ئەڤینی ئەو دوو كەسە دەگەڕێتەوە بۆ "پەنجا و یەک ساڵ و نۆ مانگ و چوار ڕۆژ" بەر لە ئێستا، بەر لە هەر شتێک سرنجی خوێنەر بۆ بەشێكی سەرەكی لە كەسایەتیی فلۆرێنتینۆ ڕادەكێشێت. ئەمە، لەڕاستیدا، زمانێكی شاعیرانەی ناڕاستەوخۆی بەهێزە بۆ گوزارەكردن لە گرنگیی ئەڤینی فلۆرێنتینۆ بە فێرمینا. ئەو شێوە دەربڕینە دیاریكراوە، بەبێ هیچ زێدەڕۆیی و زۆربڵەییەكی ئازاردەرانە، خوێنەر لە گرنگیی ئەم ئەڤینە بۆ فلۆرێنتینۆ ئاگادار دەكاتەوە. ماركێز دەیتوانی لە وەسف و پێداهەڵگوتنی ئەو ئەڤینەدا زۆری لەسەر ڕۆیبا، بەڵام نەیتوانیبا بە ئەندازەی ئەو زەمەنە دەستنیشانكراوە كارتێكەریی لەسەر خوێنەر دانابوایە. ئاخر كاری نووسەری سەركەوتوو بە پلەی یەكەم نیشاندانە نەک گوتن. ئەم زمانە شاعیرانەیە قوڵایی ناخی كەسایەتیی فلۆرێنتینۆمان بۆ دەردەخات و دەروونی دەردەدار و پڕ پەژارەی ئەومان نیشان دەدات كە سەرەڕای ئەو ماوە دوور و درێژە، تۆزی فەرامۆشی لەسەر ئەڤینەكەی نەنیشتووە. سادق هیدایەتیش لە بوومی كوێردا هەر هەمان تێكنیک دەكار دێنێت و زەمەنی تێپەڕبوو بەسەر دوادیداری خۆشەویستە ونبوو و لەدەستچووەكەی، لەوپەڕی وردبینیدا، بە مانگ و ڕۆژ دەستنیشان دەكات و دەڵێت "سێ مانگ - نا - دوو مانگ و چوار ڕۆژ بوو كە شوێنپێی ئەوم ون كردبوو". بەمجۆرە خوێنەر تام و چێژێكی تایبەت لەم شێوە دەربڕینە وەردەگرێت و ئاستی كارتێكەریی دەروونیانەی دوادیداری لەسەر كابرای عاشق، زیاتر لا ڕوون دەبێتەوە.

جەبار جەمال غەریب بە ێرانەوەیەکی شاعیرانەی سەردەمی گریانی بەڵقیس درێژەدەری ئەم نەریتەیە. سەردەمی گریانی بەڵقیس ڕۆمانێکە کە تێیدا ئەدەب و ئەڤین و نووسەر و وەرگر و کەسایەتی، بە یەکەوە تێکهەڵکێش دەکرێن و ئەڤین لە گێڕانەوەدا دەپشکوێت و لەو دیو سنووری تەمەنەوە خۆشەویستی دەبێت بە مەرهەمی سارێژکەری تەنیایی و تێهەڵچوونەوەی چەندان بارە بۆ ژیان و چۆکپێدادانی نەهامەتییەکان.
پەخشانی سەردەمی گریانی بەڵقیس پەخشانێکی شیعرئامێزە و ئەمەش ئیتر بووەتە بەشێکی جیانەبۆوە لە شێوازی نووسینی جەبار جەمال غەریب. بەڵام ئەم شێوازە تایبەتمەندییەك دەدات بە دەقی گێڕانەوەیی کە سەرەڕای ڕیئالیستبوونی، تۆنێکی حەماسی بەخۆیەوە دەگرێت و ئەمەش سەرەڕای ئاهەنگینبوون و لە دەم و دڵ خۆشهاتن، تاڕادەیەك لەگەڵ کارکردی زمان لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکاندا بێگانەیە. ئەم نامۆییە لە هێندێك شوێندا هێندە لە بەرگێکی باڵاپۆشانەی خوازەییدا دەخەملێندرێت کە تۆ هەست بە خوێندنەوەی غەزەلی نالییانە و سالمیانە دەکەی. ئەمە لە نیگای یەکەمدا ناتوانێ کێشەساز بێت و بگرە چێژێکی خەستیش بە خوێندنەوە دەبەخشێت. بەڵام کە قسە دێتە سەر ماڵاوایی ڕۆمان لە ڕۆمانس و هەر بەمجۆرەش کە باس دێتە سەر دونیای ناوەوەی زەینی کاراکتێرەکان و ژیانی پڕ لە چەرمەسەری و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ هەزاران پرسی سەردەمییانە، ئیتر لایەنی شێوازناسییانە و ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەر بە دڕدۆنگییەوە لە هێندێك بەشی دەقەکە دەڕوانێت و حەز ناکات ئەم کراسە بکاتە بەر ئەم جەستەیە.
دەکرێ لەسەر ئەو چەشنە ئەڤینە و هاومانابوونی لەگەڵ مەرگ زۆر قسە بکرێت. یەك لە لایەنە گرنگەکانی دونیای ڕۆمانەکان ئەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێ بە شێوەیەکی بەرفراوان لەسەر ڕووداو و کەسایەتییەکان بدوێت و جیهانی ڕۆمانەکە وەك هێمایەك بۆ ژیانی ڕاستەقینە ببینێت و بێ ترس و دڵەڕاوکێ هەوڵی شیکردنەوەی هەموو بوارەکانی ژیانیان بدات. لە ژیانی ڕاستەقینەدا ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت و بوێرێت و بۆی هەبێت ژیانی خەڵکانی تر ئاوا بە وردی هەڵسەنگێنێت. هەروەها ئەو زانیارییە هەمەلایەن و چەندڕەهەندییانەی کە مرۆڤ لەسەر کاراکتێرەکانی ڕۆمانەکان هەیەتی لە ژیانی ڕاستەقینەدا هەرگیز دەستی ناکەون. هەر لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت ئەڤینی سەروەر و نیان بکرێتە بنەمایەك بۆ لێدوانی هەمەچەشنە لە چەمکی ئەڤین و پەیوەندیی خۆشەویستی لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردیدا. ئایا ئەڤینی سەروەر و نیان ئاماژەیەك نییە بە کۆتایی ئەڤینگەلی لەم چەشنە؟ گەلۆ ناکرێ گریانی لە کۆتاییهاتووی بەڵقیس شیوەنێك بێت بۆ مەرگی ئەڤینی مەرگاوی؟ بە واتایەکی تر ئایا ناکرێت بڵێین ئەم گێڕانەوەیە و بەتایبەت بەشە حەماسییەکانی، جاڕی کۆتاییهاتنی ئەزموونکردنی ئەمجۆرە ئەڤینە بێت؟
پەیوەندیی نیان و سەروەر و هەڵسوکەوتی بنەماڵەکانیان ماتریالێکی بێوێنەن بۆ خستنە بەرباسی پەیوەندیی خۆشەویستی لە کوردستان. ئەم ڕۆمانە بە شێوەیەکی مەجازی دەرفەتێکی زێڕینمان بۆ دەڕەخسێنێت کە بوێرین پرسیارگەلێك ئاراستەی خۆمان و کۆمەڵگەکەمان بکەین کە لە هەلومەرجی ئاساییدا بۆمان نالوێت. بۆ نموونە ئێمە دەتوانین سەرتاپای ئەم پەیوەندییە ببەینە ژێر پرسیار و بڵێین گەلۆ ئەگەر ئەم خوێندکارانە دەرفەتی بەزاندنی هێڵە سوورەکانی کۆمەڵایەتییان هەبوایە، تراژدێدیای نەمانی سەروەر و نیان ڕووی دەدا؟
ئێمە لە ڕازی خۆشەویستیی سەروەر و نیان باش تێناگەین. نازانین، لە دەرەوەی ویستی گێڕەوە بۆ وێناکردنی ئەڤینێکی ئاوا قوڵ، چ هۆکارگەلێك ئاوا کاریان کردووەتە سەر نیان کە تا ئەو ڕادەیە سەروەری خۆش بوێت؟ ئایا ئەمە تەنیا ویستی هەبوونی پیاوێکە کە دەربەست هی تۆ بێت و بۆت بمرێت؟ باشە ئەگەر سەروەر دەرەتانی ئەوەی نەبێت کە بتوانێت ببێتە خۆشەویستی کچێکی تر، خۆ ئەم ئەڤینە زۆر هەڵقوڵاوی

ئیرادەی ئەو نییە. مرۆڤ دەتوانێ تێبگات کە سەروەر ڕاست دەکات و دەیەوێت بەڕاستی بۆ نیان بمرێت، بەڵام خۆ نیان دەتوانێ بژاردەی تری هەبێت. ئەو جوانە، دەوڵەمەندە، خوێندەوارە و کەسێکی سیاسی و ئایدۆلۆژیکیش نییە کە بە ئەنگێزەی باوەڕ و بیر سەروەری خۆش بوێت.
کەسایەتیی سەروەر و ڕەوتی گەشە و پێشوەچوونی ئەو هەمدیسان هەڵگری کۆمەڵێك پرسیارە. ئێمە دەزانین ئەو دوای ڕووداوە ئەتککەرانەکەی سینەماکە تووشی چ تێکشکانێکی گەورە دێت. دەزانین ئەو زۆر ناحەزە و دەموچاوێکی نارێك و پڕ لە چاڵوچۆڵی و کونجی هەیە. دەشزانین زۆر کتێب دەخوێنێتەوە و گۆشەگیرە. ئەڤینی نیان بۆ ئەو وەك ڕووداوێکی لەناکاوە و وەك ئەوەی لۆتۆی بۆ دەرچووبێت و دەستێکی عادیلانەی سروشتی یان لەوانەیە بانسروشتی قەرەبووی هەموو نەهامەتییەکانی بۆ بکاتەوە. ئێمە هەرگیز باش تێناگەین ئەو کارەساتەی بە منالّی لە سینەماکەدا بەسەری هات چەندە لە ژیانی ئێستایدا کاریگەرە و جگە لە وێناکردنی ڕەشی جیهان لە نامەکانیدا، نیشانەی تری بەرچاو لە کەسایەتیی ئەو نابینین. باش تێناگەین بۆ لەگەڵ سەردار هاوڕێیە و نازانین خاوەنی چ بیروباوەڕێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفییە.
لە خوێندنەوەی سەردەمی گریانی بەڵقیسدا خوێنەر هێندێکجار هەست بە ونبوونی سیمبۆلەکان دەکات. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە گێڕانەوەی عاشقانەدا سیمبۆلەکان دەبن بە بەشێکی بەرچاو لە پێکهاتەی گێڕانەوەکە. کاتێك ئاننا کارێنینا لە مۆسکۆڕا دەگەڕێتەوە لە شەمەندەفەرەکەدا خەریکی خوێندنەوەی کتێبێکە. کتێب لێرەدا دەتوانێ سیمبۆلێکی بەرچاو بێت لە ناساندنی ئانناد ا. خودی شەمەندەفەر و دەرکەوتنی چەندین جارەی لە زەینی ئەودا خۆشکردنی زەمینەیە بۆ دوا بڕیاری ئەو و خۆکوشتنەکەی و خۆ هاویشتنە بەر شەمەندەفەرێك. لە مادام بوڤاریشدا سروشت و ڕووتبوونەوە واها هاوتەریب باس دەکرێن کە بێوەفاییەکانی مادام بوڤاری زۆر زەق دەبنەوە و چاکتر خۆیان دەردەخەن. لە ئەڤین لە سەردەمی وەبادا ئیتر کارکردی سیمۆلەکان دەکاتە لوتکە. باڵندە، گوڵی سوور و سپی و ئاو و وەبا واها تێکەڵاوی خۆشەویستی و ئەڤینداری دەبن کە مرۆڤ لە خوێندنەوەیان سەرمەست دەبێت. هەم فلۆرێنتینۆ و هەم فێرمینا لە کاتی عاشقبوونیاندا هەست دەکرێت کە تووشی نەخۆشی وەبا بوونە. مەرگ و ترس لە پیربوون بە بەردەوامی لە گوێی کاراکتێرەکاندا دەزرینگێتەوە. هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا هاوڕێیەکی نزیکی دکتۆر ئورنیۆ بەر لەوەی تەمەنی بگاتە شێست ساڵ، خۆی دەکوژێت. هۆکاری خۆکوشتنەکەشی تەنیا و تەنیا ترس لە پیربوون بووە. مارکێز بەم کارەی، دەرگای کۆمەڵێك باسی فەلسەفی و هەستیناسانە لەسەر خوێنەر دەکاتەوە.
وێکچوویەکانی ئەم ڕۆمانە لەگەڵ ئەڤین لە سەردەمی وەبادا، جۆرێك لە تێکهەڵکێشانی نێواندەقییانە دەدات بە سەردەمی گریانی بەڵقیس. مریەمە ڕەش و ترانزیتۆی دایکی فلۆرێنتینۆ زۆر وێك دەچن. ئەگەر مێردەکەی مریەم بەدەست پیاوانی ڕژێم کوژراوە، ترانزیتۆ هەرگیز مێردی نەبووە و کوڕەکەی ئەنجامی پەیوەندییەکی ئەو و دۆستە کوڕێکی بووە کە هەرگیز دان بە باببوونی خۆیدا نانێت و دواجار فلۆرێنتینۆ بە هەتیوی لەلای دایکی گەورە دەبێت.
باس لە سێکس و و دیمەنگەلی جووتبوون لەم ڕۆمانەدا زۆر ڕەچەشکێنانەیە. بۆ نموونە کاتێك میدیا باسی ژوانێکی خۆی لەگەڵ سەردار بۆ پەریخان و نیان دەگێڕێتەوە، گێڕانەوەکە تا ئاستێکی بەرزی جوانیناسانەی پڕهەست بەرز دەبێتەوە و ڕیتمی لێدانی دڵی بەردەنگەکان دەگەیەنێتە گوێی خوێنەر و بەشداری گێڕانەوەکەی دەکات. ئاماژە بە هەستگەلی سێکسی، هێندێکجار تەنانەت لە سنووری پەیوەندییەکانی ژن و پیاو دەردەچێت و خۆ لە قەرەی چێژوەرگرتنی کچانیش لە یەکتر دەدات. بۆ نموونە پەریخان بە میدیا دەڵێت کە ئەو لەگەڵ کچە بەسراوییەکە، هەدیل، برادەرییەتی هەیە و چێژ لێك وەردەگرن

و لێو و مەمکی یەکتر دەگەزن. لە کۆمەڵگەیەکی داخراوی وەك کۆمەڵگەی کوردیدا ئەمە بوێریکی زۆری دەوێت و ڕەهەندێکی زۆر ڕێئالیستییانە بە گێڕانەوە دەدات و تابووەکان دەشکێنێت. لە کولتوری فۆلکلۆریك و لادێیانەی کوردیدا باسکردن لە لەش و لاری ژنان شتێکی زۆر ئاسایی بووە، بەڵام لە سەردەمی نوێدا هەست دەکەی پێچەوانەی ئەم دیاردەیە ڕاستە و قسەکردن لە حەز و سێکس بووەتە تابوو. لەم ڕۆمانەدا نموونەیەکی زۆر جوانی حەز و خۆشەویستی دەبینین و دەبیسین کە دەکرێ کارکردی کۆمەڵایەتییان زۆر بە ئەرێنی بشکێتەوە و ئیتر کوڕان و کچانی کورد پێویست نەبێ بۆ چێژوەرگرتن لە جوانیی دەقێکی ڕۆمانییانەی مەیلەو ئێرۆتیك، تەنیا پەنایان بەرهەمگەلی وەك پێکەنین و فەرامۆشیی میلان کۆندێرا بێت.

شوێن و زەمەن

شوێن و زەمەنی سەردەمی بەڵقیس دەتوانێ هەڵگری باسوخواستی زۆر چێژبەخش و فێرکەرانە بێت. سەردەمی گریانی بەڵقیس ڕۆمانی شارە. ڕۆمان و شار پەیوەندییەکی نەپچڕاویان بە یەکەوە هەیە. ڕۆمان لە شاردا سەر هەڵدەدات و ئەگەر باسی گوندیش بکات بە نەفەسێکی شارییانەوە دەدوێت و وەك ئەو مرۆڤە شارییە وایە کە سەردانی لادێ دەکات و شتەکان بە چاویلکەی شارەوە دەبینێت. لە بەرهەمی زۆر ڕۆماننووسدا ئەم پەیوەندییە، دیمەنی شار و ڕۆحی کاراکتێرەکان تێکهەڵکێشی یەکتر دەکات. جەیمس جۆیسی ئیرلەندی، چارلز دیکێنزی ئینگلیسی، مۆندیانۆی فەرەنسی، پامۆکی تورکیایی، ئەحمەد مەحمودی ئێرانی و نەجیب مەحفوزی میسری، نموونەی سەرکەوتووی تێکهەڵکێشانی کەسایەتی و شارن. لە ڕۆمانەکانی ئەم نووسەرانەدا شەقامەکانی دابلین، مەنچێستر، لەندەن، پاریس، ئیستامبول، ئەهواز و قاهیرە بە جوانی وێنا دەکرێن و خوێنەر بە کۆڵانەکانی ئەم شارانەدا شۆڕ دەبێتەوە و چاو دەبڕێتە دیمەنەکانی شار و مرۆڤ و بازاڕەکان و لەخۆنامۆبوونی (Alienation) مرۆڤەکان هەست پێدەکات.
جەبار جەماڵ غەریب بەم بەرهەمەی هەنگاوێکی گرنگی بۆ ناساندنی هەنگاوی کاراکتێرەکانی لە سێ شاری هەولێر، سلێمانی و بەغدادا هەڵێناوەتەوە. ئیتر سەیداوای هەولێر و بازاڕی سلێمانی و کنارەکانی دیجلە لە بەغدا بوونەتە بەشێکی جیانەکراوە لە ژیانی مرۆڤەکانی سەردەمی گریانی بەڵقیس. شوێن بووەتە بەشێك لە ناسنامەی مرۆڤەکانی ئەم ڕۆمانە و ئەستەمە بەبێ شوێن وێنا بکرێن. دەرکەوتنی بەغدا وەك ئەو شوێنەی کە ئەڤین و مەرگ بە جووتە قوت دەبنەوە، هەڵگری هێما و هۆکاری زۆرە بۆ لێوردبوونەوە و تێڕامان لە قەدەری تاکی کورد و هەڵوەدایی و دۆشداماویی لە شارێکدا کە لەڕاستیدا شاری ئەو نییە. سەردار و نیان سەروەرەکان نازانن بۆ دەبێ هەڵگری تراژێدیای نامۆیی لە کۆڵانگەلێکدا بن کە دواجار هی ئەوان نییە و تەنانەت لە هۆتێلەکانیشدا ئارامییان لێ زەوت دەکرێت و لە بەلەمەکانی ناو بێشەزارەکانی دیجلەشدا جێگایان نابێتەوە.
شوێن لەم ڕۆمانەدا تایبەتمەندییەکی سیمبۆلیکی بەرچاوی هەیە و لەنێوان سێگۆشەیەکدا، هەولێر، سلێمانی و بەغدا، لە هاتوچۆدایە. تۆ بڵێی ژیرانە نەبێت جیاوازییە شاری و و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دوو شارە کە تەنانەت ئێستاش دوای نزیکەی سێ دەیە دەسەڵاتی کوردییش، کەمی نەکردووە و بگرە زیاتریش بووە، لە بەسەرهاتی دوو بنەماڵەی مەحمودی شیوعی و کەمالی بەزازدا نەبینین؟ لەڕاستیدا، هەناسەساردیی مریەمە ڕەش و شکۆی تێکشکاوی بەڵقیس پەنجەرەیەکە کە لەسەر دوو زەینییەتی جیاوازی مرۆڤی کورد لە جۆغرافیایەکی نزیك، بەڵام بە یەکتر نامۆدا، کراوەتەوە. گۆشەی سێهەمی سێگۆشەی شوێنیانەی ئەم ڕۆمانە هەڵگری دەیان گوزارەی مێژوویی و ناسنامەیی و کۆمەڵایەتییە. لەلایەکەوە

گەنجانی شارە کوردییەکان لە بەغدا فێری زانست و زمان دەبن و وێرە ئەو شوێنەیە کە دەوڵەت نەتەوەی عیراقی مەکینە زانستییەکەی وەگەڕ خستووە و تێکنۆکراتانی خۆی پەروەردە دەکات. لێرە مێدیا و پەریخان و نیان و سەردار و سەروەر دەبینین و ئاسۆی زەمینیان لە قەوارەی شارەوە دەبێت بە قەوارەی "وڵات". بەڵام هەر لێرەشدایە کە پیاوانی کورد هاوکردە و هاودەنگی پیاوانی ئەمنیی عیراقی، پلانی کوشتنی کوڕان و کچانی ئەڤینداری کورد دەکێشن و لە ژیان بێبەریان دەکەن. بەغدای زانست و مێژوویی دەبێت بە شوێنی دیلکردن و مراندنی کچ و کوڕی کورد و هەڵبەت بە هاوکاری و هاویاریی خودی کورد. فەرهەنگی کەنارەکانی دیجلە و کوڕە ڕەشهەڵگەڕاوەکانی بەلەمەکان و کردەوە شارییەکانی جەدۆی باپیرە، لەگەڵ تانکیی و سەیداوای هەولێر و ئەو سینەما لەعنەتییەی سەروەری تێدا ئەتك کرا، جیاوازن. لێرە هەست دەکەی دیاردە نوێیەکان و مۆدێرنیزم نیشانەی مەرگن و وئەگەر قەرارە ئاگاییەکیشت بدەنێ ئەوە هەمان ئەو ئاگاییەیە کە کاتی خۆی هێگێل ناوی نا "ئاگایی ناشاد".[4] ڕەنگە ڕۆمانی کوردی هەتا ناساندنی وردی ژیانی شار مەودایەکی زۆری مابێت. ئەم کارەی جەبار جەمال غەریب و ڕۆمانی لابرینتی جینانی حەسەنێ مەتێ هەنگاوی شیاوی سەرەتایی و ڕێخۆشکەرن بۆ ئەم ئەرکە.
زەمەنیش لەم ڕۆمانەدا حەدیسی تایبەتیی خۆی هەیە. دەیەی شێست دەیەی لەدایکبوونی کاراکتێرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکەیە و دەیەی هەشتاش سەردەمی ئەڤینداری و جموجۆڵی کۆمەڵایەتی و زانستییانە. دەیەی شێست وەك دەزانین دەیەی بیچمگرتنی کۆماری عیراقە و خەباتی کوردانیش هەر لەم دەیەیەدا بەربڵاو دەبێتەوە و کار دەکاتە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کورد. دەیەی هەشتاش کە هەم کارتێکەریی بڕیاردەری لەسەر کۆمەڵگەی عیراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی هەیە. لەم گێڕانەوەیەدا خوێنەر بەڕادەی پێویست هەست بە ڕەنگ و دەنگی زەمینە و بەستێنی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناکات. تۆ جگە لە ناوبردنێکی جاروبارەی شیوعییەکان و خەباتیان بۆ یەکسانی، نیشانەیەك لە خەباتی کوردان بۆ ڕزگاری نابینی. مەحمودی باوکی سەروەر شیوعییە و لەم پێناوەدا سەری دەنێتەوە. سەرداری خوێندکاریش کە تەمەنێکی دوور و درێژی ژیان لە ئوروپا ناتوانێ سمێڵە ستالینییەکەی پێ بتاشێت، هەر شیوعییە و کەسێك نییە لە مەیدانی سیاسەتدا باس و خواستێکی لەگەڵ بکات.
لەڕاستیدا ڕووداوگەلی ڕۆمان هەمیشە لەسەر بەستێنێکی دیاری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا جووڵە دەکەن. گێڕانەوەی ڕۆمانییانە وەك نیگارێك وایە کە سەرەڕای چەندڕەنگبوونی، دواجارڕەنگەکانی لەسەر زەمینەیەکی دیار خۆیان دەردەخەن. ئێمە هەست بە ئەوە دەکەین کە خوێندکارەکانی زانکۆ لە فەزایەکی دیکتاتۆرییانەدا دەژین و هەڵسوکەوتەکانیان لەژێر چاوەدێری وردی پیاوانی ڕژێمدایە. بەڵام فەزای ژینگەی سیاسیی خوێندکارە کوردەکان زۆر ڕوون نییە. ئەمە کاتێ زیاتر زەق دەبێتەوە کە خوێنەری ڕۆمانەکە غەیرە کوردێك بێت و ڕاستەوخۆ ڕووداوەکان نەیبەنەوە سەر پێشزەمینەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەم کەسایەتییانە. ئەمە بۆ جیلی تازەی خوێنەری کوردیش هەروایە و بە شێوەیەکی ئۆتوماتیکی ناتوانێ فەزای شێستەکان و هەشتاکان لە زەینی خۆیدا وێنا بکات ئەگەر نیشانە و ئاماژەی پێویست لە دەقەکەدا نەبن.

## شوێنپێیی جێندەر

لەم ڕۆمانەدا کەرەسەی زۆر بۆ لێکدانەوەی جێندەریانە لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە و پێکهاتەی پیاوسالارانەی کۆمەڵگەی کوردی بەتەواوی خۆی دەردەخات. هەڵسەنگاندن و بەراوردی ڕۆڵی نیان و

مەحمودی برای، مریەم و مێردەکەی و هەر بەمجۆرەش بەڵقیس و کەمالی مێردی، دەتوانێت یارمەتیدەری تێگەیشتنی باشتری ئێمە لە کارکردی نامووس و ژنایەتی و پیاوەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بێت. لەنێوان بەڵقیسی ئەم ڕۆمانە و بلقیسی ڕۆمانی بەناوبانگی مەحمودی دەوڵەتئابادیی ئێرانی، کەلیدەردا زۆر وێکچوویی هەن. ئەگەرچی دووورودرێژیی کەلیدەر و سەردەم و شوێن جۆرێك لە دایکایەتییەکی قارەمانانە و پڕ لە بوێری دەدات بە بلقیسی دایکی سێ کوڕ و کچێك، بەڵقیسی ڕۆمانەکەی جەبار جەماڵ غەریب کە ئەویش هەر خاوەنی کچێك بەڵام پێنج کوڕە، هەڵگری هێندێك تایبەتمەندیی هاوبەشن. هەر دووکیان دەستڕۆیشتوو و ژنی بەدەستەڵاتی ماڵباتی خۆیانن و تاڕادەیەك قسەیان دەڕوات، بەڵام ئەوەی دواجار ڕۆڵی بڕیاردەر لە خێزان و کۆمەڵگەدا دەبینێت، بەس پیاوە.

شێوازی نامەیی و لایەنی سێهەمی پەیوەندیی ئەڤیندارانە

نامەنووسین و پەیوەندیگرتن لەڕێگەی نامەوە پێشینەیەکی کۆنی لە مێژووی ڕۆماندا هەیە. سەردەمانێك جۆرێك لە ڕۆمان وەك ڕۆمانی نامەیی ناوبانگی دەرکرد (Epistolary novel) و تێیدا کاراکتێرەکان لە ڕێگای گۆڕینەوەی نامەوە بیر و بۆچوونەکانی خۆیان دەردەبڕی. یەك لە پێشەنگانی زۆر ناسراوی ئەمجۆرە لە ڕۆمان ساموئێل ڕیچاردسۆنە کە لە ڕۆمانگەلی پامێلا و کلاریسادا کاراکتێرەکان لە ڕێگەی نامەوە لەگەل یەکتر پەیوەندی دەگرن. ئەم شێوازە دواتریش و هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆش هەر بەردەوام بووە و لە هێندێك ڕۆمانی نوێدا پەیامگەلی تەلەفۆنی و ئێسئێمئێسی و ئیمەیل جێگای نامەیان گرتووەتەوە.
لە سەردەمی گریانی بەڵقیسدا نامەکانی سەروەر و سەردار شوێنپێیەکی تایبەتییان هەیە. بەداخەوە کچانی ڕۆمانەکە لەم بارەوە بێدەنگن و ئێمە چ نامەیەکیان لێ نابینین. وێکچوویەك لەنێوان سەردەمی گریانی بەڵقیس و ئەڤین لە سەردەمی وەبادا، تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەر نامەنووسین دەبیندرێت. ئەم وێکچوویە نەبووەتە هۆی لاساییکردنەوەیەکی دەستکردییانە و نامەکانی سەروەر نزیکایەتییەکی تەواویان لەگەڵ کەسایەتی ئەودا هەیە و پێداویستیی کەڵکوەرگرتن لەم شێوازی پەیوەندییە خاوەنی ڕەسەنایەتییەکی بەرچاو و پاساوهەڵگرە.
گێڕانەوەی ئەڤینداری، وەك سروشتی پێکهاتەییانەی خۆی، زۆرجار کەڵك لە کەس یان کەسانێك لە دەرەوەی پەیوەندییە دوو جەمسەرییەکەی خۆشەویستی، واتا عاشق و مەعشوق، وەردەگرێت و ڕەوتی گێڕانەوەکە بە هاتنی کەس یا کەسانێکی تر بۆ جغزی پەیوەندییەکە ئاڵۆزتر دەکات. ئەگەر لە ئاننا کارێنینا، مادام بوڤاری و ئەڤین لە سەردەمی وەبادا ژنەکان هەر یەکەی بەجۆرێك یەکەم یاری خۆیان بەجێ دێڵن، ئەوە لە سەردەمی گریانی بەڵقیسدا بەجێهێشتنێك لەگۆڕێدا نییە و کەسێکی وەك سەردار هەر لە سەرەتاوە ئەڤینی فیدای سیاسەت کردووە و هەرگیز خۆی بە پیاوی شیاوی خۆشەویستی و وەفاداری دانەناوە. دواتریش سەروەر و نیان هەر مۆڵەتیان پێنادرێت بایی ئەوەندە بژین کە کەسێکی تر بێتە ناو هاوکێشەی ژیانیان و بالانسی ئەڤینداریيان بشێوێنێت.

کۆتاییەکی شیاو

چارەنووسی نیان و سەروەر و شێوەی کۆتاییپێهێنانی ڕۆمانەکە زۆر سەرکەوتوانە وێنا کراوە. لەڕاستیدا ئەگەر دەسپێکی ڕۆمان بۆ نووسەرەکەی کارێکی قورس بێت، ئەوە کۆتاییپێهێنانەکەی ئەستەمترین و گەورەترین ئالنگاری و تاقیکردنەوەیە بۆ ئاستی سەرکەوتوویی گێڕانەوەیەك. خاڵێکی سەرکەوتووی

سەردەمی گریانی بەڵقیس لەباری تێکنیکییەوە کارکردی وەستایانەی هەڵواسین (suspension) و هێشتنەوەی خوێنەرە لە چاوەڕوانیی بەردەوامدا. هەر لەسەرتاوە کە مەحمودی برای نیان شوێنپێی بەڵقیسی هەڵگرتووە و بەدزییەوە دوای کەوتووە و لە ماڵی مریەمە ڕەش بەخۆی و چەکەکەیەوە هەڕەشەی کوشتن دەکات، مرۆڤ نیگەرانی قەومانی ڕووداوێکە. خوێنەر سەمپاتیی لەگەڵ دوو ئەڤینداری بەستەزماندا هەیە و هەست بە مەترسی لەسەر ژیانیان دەکات. هەڕەشە و گوڕەشەی هەموو ئەندامانی بنەماڵەی نیان و هاوکارییان تەنانەت لەگەڵ کاربەدەستانی ئەمنیی حکومەت لە بەغدا بۆ دۆزینەوەی شوێنی مانەوەی نیان و سەروەر، ئاستی مەترسی لەم دوو مرۆڤە بێگوناهە زیاتر و زیاتر دەکات. هەوڵەکانی سەردار بۆ ڕزگاریی هاوڕێکانی، نیگەرانییەکانی بەڵقیس و مەریەمە ڕەش، بەبەردەوامی زەنگی مەترسییەکە لێدەدەنەوە. تەلەفۆنە بەردەوامەکان بۆ ژوورەکەی نیان و سەروەر و بێدەنگی و بێوەڵامییەکی کوشەندە، قسە و باسی شەوی پێشتری سەروەر و نیان لەمەڕ خۆکوشتن، شووشە ژەهرەکەی سەر مێزەکە و دواتر شکاندنی دەرگا و نەدۆزینەوەیان لە ژوورەکەدا خوێنەر تووشی هەناسەبڕکێ دەکەن و پێشەرتی بەردەوامیی لە خوێندنەوە بە چێژێکی زۆرەوە دەستەبەر دەکەن. بەشداریی چالاکانەی خوێنەر دە ڕەوتی ڕووداوەکاندا یارمەتیدەر نابێت بۆ هەڵدان و کردنەوەی کەلافی ئاڵۆزبووی ڕووداوەکان و پێشبینییەکان دروست دەرناچن. هەمدیسان دوای خوێندنەوەی نامەکەی سەروەر و گوتنی ئەوەیکە خۆیان لە دیجلە داوێن، گەڕێکی تر بە چاوەڕوانییەکان دەبەخشرێتەوە. هەموو هوروژم دەبەن بۆ کەناری دیجلە و سەرپردەکان و هەمدیسان مانگێك دەگوزەرێت و هەواڵێك و شوێنپێیەك لە عاشقەکانی ئێمە نییە. دواجار کەس نازانێت ئەم دوو مرۆڤە عاشقە چیان لێدێت. لە ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلیدا ئێمە شاهیدی بەردەباران و کوشتنی پەروانە و مێدیاین و خەمبار دەبین. لە گرەوی بەختی هەڵاڵەی عەتا نەهاییدا هەڵالەی پێکراو بە خەنجەری تۆڵەی باوان لەسەر تەختی خەستەخانە لەگەڵ مردن دەجەنگێت و خوێنەر لە مردنی خۆی دڵنیا ناکاتەوە. سەردەمی گریانی بەڵقیسیش ناتوانێ بەهانەی گریان بنەبڕ بکات و پێمان بڵێت فەرموون ئەمەش مەیتی ئەم دوو عاشقە و ئیتر تێر بگرین و دوای ماوەیەك فەرامۆشیان بکەن. نا! ئێستا هەموو براکانی نیان دیار نەماون، مریەمە ڕەش بیست ساڵ دەبێت مردووە. سەردار بەخۆی و بە سمێلەکەیەوە لە دەرەوە گەڕاوەتەوە. بەڵقیس هێشتا دەگری و دەڵێت "ئەوانەی من هەموویان چوون، تەنها ئەو کچەم ماوە."[65] ئەمەش کۆتاییەکی سیمبۆلیکە کە وەك دوا ڕستەی ڕۆمانەکە بەردەوام لە گوێی خوێنەردا دەزرینگێتەوە. بەم کارەش گێڕەوەی سەردەمی گریانی بەڵقیس، تراژێدیای مەرگی هەزاران کوڕ و کچی ئەم وڵاتەی بۆ هەمیشە زیندوو ڕاگرتووە و بەڵقیسی کردووەتە نوێنەری ویژدانی نوستووی کۆمەڵگەیەك کە هێشتا فێری باوەشگرتنەوە بۆ عاشقەکانی نەبووە.

با لە کۆتاییدا هیواخواز بم بە گەشەی زیاتری ڕۆمانی کوردی و ماندوونەبوونی لە جەبار جەمال غەریب بکەم و تۆیش خوێنەری ئازیز، ئەگەر حەزت لە گێڕانەوەیەکی زەریفی پڕهەستی ئەڤینێکی تراژێدییانەی کوڕ و کچێکی ناکام و هەناسەساردی کوردە، نابێ کات بەفیڕۆ بدەی و ئەم کتێبە نەخوێنییەوە. خوێندنەوەیەکی خۆش و ڕۆژگارێکی گەش!

---

[1] جەبار جەمال غەریب، سەردەمی گریانی بەڵقیس، سلێمانی: ئەندێشە، ٢٠١٨.

[2] بۆ نموونە کاتێك نیان و سەروەر لە بەغدا خەریکی کڕینی ئاڵقەی دەزگیرانێتین و نیان لە نەبوونی دایکیدا هەستێکی ناخۆش و کوشەندەی غەریبی و بێکەسی و بێپشتیوانی، ئازاری دەدات، دایکی، واتا بەڵقیس، دێتە لای: "تەواو لەو کاتەدا بوو، بەڵقیس بە کراسێکی سەوزی گوڵگوڵی ئاوریشمی و کەوایەکی ئەتڵەسیی بریقەدارەوە دەر کەوت، بەلۆمەیەکی ناسکی دایکانەوە سەیرێکی نیانی کرد، کە خەریك بوو خوێن لە لێوەکانیەوە فیچقە بکات،

گوتی، "لەکاتی خۆیدا گەیشتم، کچە تاقانەکەم هەرگیز جێت ناهێڵم،". سەردەمی گریانی بەڵقیس، س. پ. لاپەڕەی ٢٩٠. ئەمەش نموونەیەکی سەرکەوتووی تێکهەڵکێشانی خەیاڵ و واقیع واتا ڕێئالیزمی جادوویی \ سیحرییە.

[3] ڕۆمانی ئەڤینداارانە لە هەموو مێژووی ڕۆماندا وەك ژانرێکی مۆدێرن ئامادەییەکی بەرچاوی هەبووە. تەنانەت لە سەردەمی ئێستاشدا ئەمجۆرە ڕۆمانانە بە بەربڵاوی پێشوازییان لێدەکرێت. بۆ نموونەیەکی سەرکەوتووی دەیەی ڕابردوو کە تا ئێستا چەندین جار چاپ و بڵاو بووەتەوە، بڕوانە:

Nicole Krauss, *The History of Love*, New York: Norton and Company, 2005.

هەروەها لەو بەرهەمەی خوارەوەدا باس و زانیاری ورد و هەمەلایەنە لەسەر ئەڤین لە فەلسەفە و ئەدەبدا دەست دەکەوێت:

Martha C. Nussbaum, *Love's Knowledge: Essays on Philosophy and Literature*, New York: Oxford University Press, 1992.

[4] سودیپتا کاڤیراج لە کتێبێکدا، ئاگایی ناشاد، بە کەڵکوەرگرتن لەو چەمکەی هێگێل، ڕوخسار و ناوەرۆکی مۆدێرنیتە لە قۆناخی پۆستکلۆنیالدا بەوردی شی دەکاتەوە. بڕوانە:

Sudipta Kaviraj, *The Unhappy Consciousness: Bankimchandra Chattopadhyay and the Formation of Nationalist Discourse in India*, Delhi: Oxford University Press, 1995.

[5]

[6] جەبار جەمال غەریب، سەردەمی گریانی بەڵقیس، س. پ.، ل. ٣٩١.